Kurdish Democrats Party

Political Bureau

حزبی دیموكراسیخوازانی كوردستان

مەكتەبی سیاسی

No:
Date: \ \2007

ژمارە :
بەروار: 2007 / /

# بۆ ئەو كێشانەیان بۆ دیموكراسیخوازان دروست كرد ؟

## نامەیەك بۆئەو كەسانەی تائێستا لەكوردستاندا باوەریان بەخەباتی سیاسی ماوە

ئەو گرفتانەی لەم دواییەدا بۆ حیزبی دیموكراسیخوازان دروستكرا زۆر قسەی لەسەر كرا, بەلاّم ئەوەی تائێستا وتراوە تەنها ئەنجامی دەركەوتنی كێشەكان بووە نەك ئەو هۆكارانەی كێشەكانی دروستكردووە.پێمان باش بوو بەم پەیامە كراوە هەندێك ڕاستی نەوتراوی ئەو كێشانە بخەینە پێشچاوی ڕای گشتی كوردستان ,چونكە بەشێكی ئەو كێشانەی ئەمڕۆ بۆدیموكراسیخوازان دروست بووە تاڕادەیەكی زۆر پەیوەندیدارە بەو گرفتانەی لەكوردستاندا بۆئازادیە سیاسیەكان دروست ئەكرێت,بەشێكی تریشی ئەو شێواوی و گەندەڵی و شڵەژانە نیشان ئەدات كەسیاسەت و ئەخلاقیاتی چالاكیە سیاسیەكان لەهەرێمی كوردستاندا گیرۆدەی بووە , ئەگەر چی هەر لەسەرەتایشەوە نەبونی هاودەرفەتی ( تكافؤ الفرصة ) ی هێزەسیاسیەكان و ناعەدالەتی و نالەباری ئەو دۆخە سیاسیە نیشان ئەدات كە ژیانی فرە حیزبی كوردستانی تیایە. ئێمە كەلەلای خۆمانەوە بڕیاری پیاچونەوەو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەو میكانیزمە باوەی حیزبایەتی كردنمان داوە,هەمیشە تێبینی و سەرنجی خۆمانمان نەشاردۆتەوە لەسەر ئەو گرفتانەی كە مۆدێلە سواو و تەقلیدیەكەی حیزبایەتی كردن لەكوردستاندا توشی بووە . بۆیە كە ئێستا دەمانەوێت بەمیكانیزیمێكی ترو ئامادەباشیەكی ترەوە درێژە بەو خەباتە بدەین كە لەساڵی 1994 ەوە خەڵكانێكی دیموكراسیخواز و نیشتمان پەروەر دیموكراسیخوازانیان لەپێناودا دروستكردوە,لەجاران زیاتر داوای كاری پێكەوەیی و هاوكاری نێوان هێزە ئۆپۆزسیۆنە دیموكرات و چەپەكان ئەكەین,لەهەموو كات زیاتر ئامادەین سەربازی ونی ڕێگای خواست و داوا ڕەواكانی خەڵكی كوردستان بین.لێرەدا كورتكراوەیەكی ئەو هۆیانەی كێشەكانی ئەم دواییەی دیموكراسیخوازانی دروست كرد ئەخەینە پێشچاو,بەهیواین بتوانین وێنەیەكی رون ئەگەر چی بەكورتیش بێت بخەینە پێشچاوتان .

لەساڵی 2002 وە بەهۆی هەڵوێستی دیموكراسیخوازان لەسەر هەندێك كێشەی وەك پێشێل كردنی ئازادیەسیاسیەكان و بەدیاری كراویش كوشتنی كادرەكانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری لەسلێمانی , بوجەی ڕەسمی حیزبی دیموكراسیخوازان ڕاگیرا لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان – ئیدارەی سلێمانی , ئەمەش سزایەك بوو بۆ هەڵوێستە سیاسیایەكانی ئەم حیزبە . لەساڵی 2005 ەوە وەكو یارمەتی بڕی ( 4 ) چوار ملیۆن دیناری عیراقی لەمەكتەبی پەیوەندیە كوردستانیەكانی PUK بەخشرایە ئەم حیزبە , لەمانگی 6 /2007 دا ئەو بڕە یارمەتیە ڕاگیرا بەبێ هیچ هۆیەكی ڕاگەیەنراو , ئێمە هەوڵماندا لەهۆی ڕاگرتنەكەی بپرسین بەلاّم برادەرانی پەیوەندیەكان ماوەی دیدارەكەیان دورخستەوە , ئەوە بو لەكۆبونەوەی 6/30 كۆمیتەی سەركردایەتی پێشنیاركرا كە هیچ بڕیارێك نەدەین تاوەكو هۆی ئەو هەڵوێستەی یەكێتی نەزانین لەبەرامبەرمان . بەلاّم زۆر راشكاوانە چەند برادەرێك لەسەركردایەتی ئاگاداربوون لەهۆی راگرتنەكەو گوتیان " هەرهەوڵێك بدرێ بێ سوودە , چونكە مەكتەبی پەیوەندیەكان چەند داوایەكیان لە ئێمە هەیەو مەسەلەی گەڕانەوەی یارمەتیەكەیش پەیوەستە بەجێ بەجێ كردنی ئەم داوایانەوە .. " ئەوە بوو دوای دووكەرت بوونی دیموكراسیخوازان یارمەتیەكە گەڕایەوە بۆ ئەوبرادەرانە ی كەچونە ژێر باری داخوازیەكانیان . ئیتر بۆمان دەركەوت كۆی ئەو داوایانەی دیموكراسیخوازانی لەپێناودا دووكەرتكرا بریتی بوو لە :

1- گۆڕینی سكرتێری حیزب .
2- كشانەوە لەبەرەی گۆڕان .
3- كێشانەوەی ئەو داوایەی كەلەسەر حكومەتی هەرێم تۆمارمان كردبوو لەسەر بڕینی بوجەی حزبیمان لەساڵێ 2002 ەوە .
4- گۆڕینی زمانی رەخنە گرتنمان لە بەرامبەر دەسەلاّت ..

بەگشتی ئەوەی لەدیموكراسیخوازان ئەویسترا ئەوە بوو ببێتە حیزبێكی كارتۆنی پارەخۆر و بێ دەنگ,دواتر لەڕەوتی ئۆپۆزسیۆن بونی خۆی بكشێتەوە و شتێكی نەمێنێت بەناوی سەربەخۆیی ئیرادەو بڕیاری سیاسیەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەشە ئەو برادەرانەی مەڵبەندی سلێمانی زۆر راشكاوانە دەیانگوت " باوەڕمان بەحزبایەتیكردن نەماوە وەكو خەباتكردن و ئۆپۆزسیۆن بوون , بەڵكو پێویستە هەوڵی ئەوەبدەین لەڕێگەی حزبایەتیەوە بژین", بۆئەم كارەشیان نمونەیان بەچەند حزبێكی تر دەهێنایەوە. لەئەنجامی ئەم كێشانەدا دوو بۆچوون دروست بوو .

یەكەمیان چونەژێرباری ئەم داخوازیانە بوو كەلەسەرەوە نوسراوە , ئەوە بوو كردیان .

دووەمیش ئەوەبوو کەحزبایەتیەکی هاوسەنگ و پەیوەندیەکی دۆستانە لەگەڵ لایەنەکان بکەین و ئەوەندەی پێمان دەکرێت بەشێك بین لەجوان کردنی ژیانی حزبایەتی لەکوردستاندا و هەوڵبدەین نمونەی ئەو ئۆپۆزسیۆنە دیموکراسیە پێشکەش بکەین کە ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان پێویستیەتی .

دیارە لەئەنجامی ئەم دووبۆچونە جیاواز و ناکۆکەدا سەرکردایەتی کە بەسکرتێریشەوە 12 کەسە بو بەدوو بەشەوە ، لەئەنجامی دەرچون لەپرەنسیپ و دیسپلینی حزبی و دروستکردنی کەشێکی غەوغائیانە لەکۆبونەوەکەدا هاوڕێ (شکراللە) لەنوسراوێکدا داوای دەست لەکارکێشانەوەی لەپۆستی سکرتێریو سەرکردایەتی کردو کۆبونەوەکەی بەجێهێشت,دوای ئەو سێ ئەندامی مەکتەبی سیاسیو دوو ئەندامی سەرکردایەتی کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشت , بەڵام هەر ئەوکات لەسەر داوای ئەو هاوڕێیانە هاوڕێ (شکراللە) داوای نوسراوی دەست لەکارکێشانەوەکەی کردەوە , بەڵام هاوڕێ سامان عەلا بۆ مەبەستی تایبەت لای خۆی گلی دایەوەو نەیگەڕاندەوە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیمان کۆبونەوە بەبێ ئامادەبوونی (نیوە+1) شەرعیەتی نیە. بەڵام ئەو برادەرانە لەبەر نەشارەزاییان بە پرنسیپ و دسپلینەکانی حزب لە بەناو کۆبوونەوەی 2007/7/7 کەباسی دەکەن بە6کەس 2 ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتیان بەرز کردۆتەوە بۆ ئەندامی بنەڕەتی , بەبێ ئەوەی هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتی بەهیچ شێوەیەك داوای دەست لەکارکێشانەوەیان کردبێ دەڵێن دەست لەکارکێشانەوەی ئەو هاوڕێیانەمان پەسند کردووە , یەکەم بڕیاریش پێی هەستاون دەستکاری کردنی سیستەمی موچەو زیادکردنی موچەکانی خۆیان بووە لەو پارەیەی کە لەدیموکراسیخوازان بڕاو گەڕێنرایەوە بۆئەوان , وەك ئەوەی غەنیمەیان دەستکەوتبێت ، لەکاتێکدا بەپێی مادەی(نۆ بڕگەی 6) لەپەیڕەوی ناوخۆ : دەبێت بۆ هەر سەرخستن و هەر سزادانێکی حیزبی کادری سەرکردایەتی دوو لەسەر سێی دەنگی سەرکردایەتی دەستەبەر بێت , واتە 8 ئەندام لە 12 ئەندامەکەی سەرکردایەتی دەنگی بۆبدا . بۆیە لەدوای کۆبونەوەی 6/30 ئەو برادەرانە هەرچی بڕیارێکیان وەرگرتبێت و هەرچیان وتبێت ناڕەوایەو , لەسە ربنەمایەکی ناڕەوایش بیناکراوە و تەنها تەعبیر لەبۆچون و خواست و تموحاتی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەکات , نەك هەڵوێستی دیموکراسیخوازان .

لە ڕونکردنەوەیەکی شپرزەو لاوازدا لەم ڕۆژانەدا بەناوی ( مەکتەبی راگەیاندنی حزبی دیموکراسیخوازان) ەوە بڵاوکراوەتەوە هەر درێژەی هەمان لێکدانەوەو تێگەیشتنە هەڵەکان دەبینین,چونکە مەسەلەی (هەڵبژاردنەوەی سکرتێر) ی وەکو کێشەی سەرەکی وروژاندووە, لەکاتێکدا هەموی 10 مانگە سکرتێرمان هەڵبژاردوە لەکۆنگرەیەکی گشتی حیزبدا , ماوەی هەر خولێکی سکرتێریش لەدیموکراسیخوازاندا سێ ساڵە , کەواتە نە سکرتێر ماوەی کارکردنی تەواو کردوەو نە کاتی هەڵبژاردنەوەیشی هاتووە , هەرکەسێکیش لەم کێشانەدا مەسەلەی سکرتێر بێنێتەوە بەرباس تەنها بۆئاوەژوو کردن و چەواشەکردنی ڕاستی کێشەکانە, بۆیە مەسەلەی گۆڕینی سکرتێر( هاوڕێ شکراللە حمەدامین) کەخرایە روش پێشنیارو داوای ناوخۆی دیموکراسیخوازان نەبوو, هێندەی پەیوەندی بەچەند کێشەیەکەوە هەبوو کەلەدەرەوە و لەلایەن چەند کەسێکی ناو مەڵبەندی سلێمانیەوە ئەهێنرایە ناوکۆبونەوەی سەرکردایەتی دیموکراسیخوازنەوە .

دوای تەشەنەکردنی ئەم کێشانە چەند کەسایەتی و حیزب و لایەنێکی دۆست هەوڵیاندا ڕێگەچارەیەك بدۆزنەوە کە لانی کەمی هەردوو باڵی ناکۆك پێی ڕازی بن , ئێمە لەلای خۆمانەوە گفتوگۆو دانوستانمان ڕەتنەکردەوە ، بەڵام ئەو برادەرانە یەکڕانەبون و هەریەکەو لەلای خۆیەوە شەن و کەوی ئەکرد , تەنانەت یەکێك لەو برادەرانە کەهەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەواندابووە و پێی خۆشبوو بەیەکەوە کاربکەین دەیگوت "چەند برادەرێکی ئێمە لەدەرەوە قورمیش دەکرێن و پێیان باشە بەیەکەوە نەبین چونکە : دەڵێن بەم شێوەیە کەمین و پارەکە چاکتر بەشمان دەکا. "

دیارە ئامانجێکی ئەو کێشانەی کە بۆحزبی دیموکراسیخوازان دروستکرا خەریککردنی کادر و هاوڕێکانیەتی بەکێشەی لابەلا ی ناوخۆییەوە بۆئەوەی نەیپەرژێتە سەر ئەو کارو ئەرکانەی لەپێناویدا دروست بووە ، تائەو ڕادەی کە ئێستا کەسانێك تایبەتکارکراوە و پارەو نانیان کەوتۆتە سەر ئەو نوسین و بەیانە کۆڵەوارانەی لەسەر ئێمە ئەینوسن , ئێمە لەلای خۆمانەوە بڕیارمانداوە چیتر وەڵامی ئەم بڵاوکراوە و قسەلۆکە بێ بنەمانە نەدە ینەوە کە دژمان ئەنوسرێت , ئامادەیش نین خۆمان بەو کێشانەوە خەریك کەین , هەربۆیە بەڵێن بەخەڵکی کوردستان ئەدەین کە هەر بەردەوام ئە بین لەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆمان , هەرچەندە کۆسپ و ئاستەنگیەکانی ڕێگەکەشمان زۆربێت . سەرکەوێ خەباتی دیموکراسیانەی میللەتەکەمان.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان**

**هەولێر** 2007/8/30